لە 15/9/1985: (دەزگای ڕەشنبیری و باوکردنەوەی کوردی) نووسینگەی هەولێر، کە: (مەحموود زامدار) بەرپرسی بوو، کێکی شیعر خوێندنەوەی بۆ شاعیران: (فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی و قوبادی جەلیزادە و ئیسماعیل بەرزنجی و محەمەد حوسێن هەڵەبجەیی و من) لە هەڵی بەڵێوبەرایەتی ڕەشنبیری جەماوەری هەولێر ڕەکخست، من شیعری: (داباریین)م تێدا خوێندەوە. (حوسێن عارف) سەرنووسەری گۆڤاری (کاروان) بوو، دوای تەواوبوونی کێکە ئەم گۆڕەیییەی نواند و بۆ بزەیەکی باوکانەوە شیعرەکەی لە وەرگرتم و لە ژمارە (43) گۆڤاری کاروانیدا بڵاوی کردەوە. ئامۆژگاریشی کردم، شەوازی شیعر خوێندنەوەم باش نییە. ئەم ئارەزووە لەناخی خەم بمرێنم، کە لەبەر میکرۆفۆن دەربکەوم و بناسرێم. پێی گوتم: میکرۆفۆن بۆ گۆرانیبێژ سەکەی تاقیکردنەوە و خۆپشکشکردنە، تۆ شاعیری و بۆ شیعری جیهانبینی و تێامان دێی. لەم چوار شاعیرەی تر، کە شیعریان خوێندەوە جیابووی. لەم باروبواردا زمان و شەوازت بۆ هونەری جەراوجۆر و قووبڕوونەوە دەوێمانند بکە، بەردەوامبوونیش بۆی سەلماندم ئەو چوار شاعیرە وەك سەرەتا و لە یەك شونپە مانەوە. دوای ئەم گۆڕەیی نواندنی هەمیشە وەك داهێنەرێك و مرۆڤێکی گۆڕ

تەماشام کردووە و ڕەز و شکۆیە لە نەوانمان بەردەوامی هەیە.
شیعر شوێنی ڕاستەقینەی گرتووە. چەبووڵەی چڕی کەڵەگای کوردیش لە شیعردا بووەتە ناوەند. هیچ هونەرێکی دی هێندەی ئێم بەشە پەروەردەی چڕی کەڵەگای نەکردووە. هەندێك خورپەی بزربووی ناخ هەن، ڕەگەزەکانی دیکەی ئەدەبی نایدەزنووە. تەنیا شیعر لەباری درووشانەوەیدا دەتوانێت بیاندەزێتەوە. نووسین و هونەر ئاراستەیان بەرەو ژیان و چڕە، بەڵام کردەی داهێنانی پەتی، ستایشی ژیان نییە لە پەناوی چڕدا، تەوانینی نوێ لەبارەی ژیان و چڕ دەخوڵقێنێ و دەیکاتە قوناغێتی مرۆڤی نوێبەخش و بەخشندەش ئازەکان دەدەزێتەوە.
سەنگێك هەیە ناوی مەژوو، هەموومان وەك شیر دەکوێنێت، بەی دەردەکوێت چەندمان هەوێن دەبین و چەندیشمان هەڵدەبزەکێین.
تەپڵاندن
بە هیچ شێوەیەك بەوام بە تەپڵاندن نییە، بگرە بەوام بەگڕان و جیهانبینیی جیاکار هەیە. تا ئێستاش نەمتوانیوە بەوا بڵێم بهێنم: (نالی)، (باباتاهیر)ی تەپڵ کردووە، هەروەها: (گۆران) جێستەی شیعری کلاسیکی بەتەواوی جێهێشتاوە. ئەمەمانیش خاڵی جیابووڵەی هەهامان لەگڵ نەوەی پێش خۆماندا نابێت. دەقئاوەزانییەکی بەهێز لە نەوان هەموو نەوەکاندا ئاشکرایە و لەوانەی دوای ئەمەمانیش بەردەوامی دەمێنێت. وا دەبینم هەر هەڕ و هەژگارەك جیهانبینیی خۆی بەسەر کەسی خاوەن جیهانبینیی هەشنکار و هەمای هەمەچێشن دەسەپێنێ. وەك چۆن هەموو وەرزەك بە فراوانی سێیری ئاو و هەوای تایبەت بەخۆی دەکات و دەیسەپێنێتیش، ئێم ئاو و هەوایش کەم و زۆرەك کاریگەری بە بارستی خۆی بەسەر نەشونمای درەختەکان جێدەهێڵێت. ئەوەی تێبینیم کردووە نەوەی پێش ئێمە ستوونی ژیانیان هەنایە ناو شیعر و ئەزموونیان کرد. ئێمە ستوونی و ئاسۆیی و بازنەیی ژیان و خەیاڵ و خەونمان هەنایە ناو شیعر و فراوانتر ئەزموونمان کرد و درووشاوە و دەوەمەندتر ناساندمان.
نەوەی دوای ئێمەش کەمەڵەك جیهانبینیی زیاد دەکەنە سەر قوناغی شیعری ئێمە. ئێمە یاسای ژیانە و دەبێت قبووڵمان بێت. قبووڵکردنی ئێم هەقیقەتە ناوەندەکی چەسپاوە لە بەوابەخبوون و هەقیقەت بینین و دیاردەکانی پێوەندیدار بە چییەتی بوونەوە.
پڕۆژەی تەپڵاندنم نییە، زیاتر خوێندیدەی پەکهەنانی هەڵە و هەماکانی خەمم، شیعریێت سیمای ووونی گشت نەوەکانە و شانیەکی زیندووی زەر قووڵە لە جێستە و پەکهاتەی مرۆڤدا.
دەقئاوەزانی دەتگەیەنێت بە فەرمی هەشنبیری و بیرکردنەوەی چالاك و دەتدرووشنێتەوە. ئەگەر هەشنبیرییەك دەقئاوەزانی لەگڵ گیانی

بەهەزی ڕۆشنبیریی دنیا نەهێنتە ئاستی هەست پێکردن، نەیتوانیوە لە پەیوەندی و گفتوگۆ و بیرکردنەوەی ئەوانی دیکەدا، ببێتە کۆسایەتییەک: بتوانێت زانستی ژیان کە بکاتەوە. ڕۆشنبیرییەکیش نەتوانێت ببێتە کۆسایەتییەک. زانستی ژیان کە بکاتەوە، لەناو ڕۆشنبیریی دنیادا خەیاڵی باش بوونەوە نەچووە.
لە بەرزبوونەوەی هەڵی هونەری دەتوانێت لەناو ڕۆشنبیریی دنیا نیشتەجێ بێت و لە گۆڕان بە بنەڕەتیش چالاك و بەرهەمدار بێت، خەسڵەت و ئاسەی خەبوونی بدزێتەوە. چرکەساتی ئاسەی خەبوونیش، چرکەساتێکی گەرم و ئاسوودە و چڕ لە ژیاندا.
سەنگێك هەیە ناوی مەژوو، هەموومان وەك شیر دەکوڵنێت، بەی دەردەکوڵێت چەندمان هەوێن دەبین و چەندیشمان هەدە بزەکەین

بەهرە

لە دامێنی هەر دەقەکم، مەژوویەك تەماركراوە، بەڵی بەوام بەوە هەبێت نووسین هەڵچوون و کاتی تایبەتییە، یان بەهرە و سرووش ماوەیەکی دوور و درێژ بەردەوام بەشدار و هاوکارم بن لە نووسینی بەشە پەکهەنارەکانی دەق. لەو تەمەنەی نووسینمدا، کە نزیکە چارەگ سەدەیەکە بەکامی دە لەناو سنوورەکانی لە هاتوچۆدام، ژیان هاندەر و هەکاربووە بە وزەی خرۆشان. ئاوی چەند دەقەکم کردوون، ئەوانەی نووسیوێشمن هەشتان لە نووسینیان تەواو نەبووینە و نەگەیشتووم بەدوا داشتنیان. بەواشم وایە بەهرە و سرووش کار لە ئامادەبوونی نووسەر دەکەن بە کەشی خرۆشان، بەڵام وەك هاندەر و هەکار و خورپەیەکی شاراوە نەك شتەکی بنەڕەتی و تەواوکاری بنیادی بەردەوامیی نووسین، لە نووسیندا زیاتر تەماشان و خەون و ئەستێتیکای ویژدانی، بە پلەی یەکەم کاریگەری و بەشداریی بەردەوامیم دەدەنێ. ناخی وریام ئامادەی بنیادی بەردەوامیی نووسین دەکەن.
سەرەتاکانی نووسین لە هەشیاری و یاداشت و خەونمدا ئامادە دەبێت. چاوەڕوانی کەشی نووسین دەکات. لەوانەیە ئەم کەشە چڕبەخشە شکە و بەهرە و سرووشی نووسین بێت و بنەماکانی بەڵگەو ببات، کە ژیان و سروشت و دەبەر وەك تەیەکی گەردوونی ببینێ و ماماڵەی ئەستێتیکی لەگەڵدا بکات. تا ئادەیەکی زەر باش نووسین پێویستی بە ژیری هەیە، تا دەستت بەسەر ئامرازە هونەرییەکانیدا بشکێت، ئەفسانە و ئەفسوونی نووسین بەهەی بەهرەیەکی پەروەردەکراودا بچە بهێنێت.
سەنگێك هەیە ناوی مەژوو، هەموومان وەك شیر دەکوڵنێت، بەی دەردەکوڵێت چەندمان هەوێن دەبین و چەندیشمان هەدە بزەکەین

خوێنەر

لەناوەوەی خۆم، بە بەچوون و تێگەیشتنی زاهیدەك ژیانم هەبژاردووە و بە چاوی دەمار و خوێن و پشت سەیری تەواوی شیعری کوردی دەکەم، شیعری: زمان و ئێستەتیکی و مرۆڤدۆستانەشم خۆشدەوێت، شیعر وەك توانا و ئەزموون هەڵگری وزەی ژیانە. لەناو شیعریشدا ژیان دووچاری نەسرەوتن و هەندەك جەنگی پێویستی کردووم. بوێریەکانی هەوبەووبوونەوە بەرانبەر ئەو مەترسییانەی لە لەناوچووندا دەبن بە هۆست، کتێبی دڵگەنن. هەوڵ دەدەم تێیان بگەم، دواجاریش بیانناسم، ئەو ژیانەم لا جوان و پەسندە، هەست و خوێن لەناو دڵی شیعریدا دەیکەنە ئاماژە و ئاخاوتن. لە ئاخاوتندا لە خاڵی هاوبەش نزیك دەبینەوە، یان دڵگیرن بە وەڵامێك بۆ ئاخاوتن. خوێن و یادەوەری لە سەبەریدا بە یەکتری دڵگەن و دەبن بە واقیعێك لە واقیعەکانی بوون. لە نێوان پەسندکردن و هەڵتکردنەوەی خوێنەرانی هەشیار و خوێنەرانی ئاسایی‌دا، نووسین لەکوێ خۆی دەدزێتەوە. جیاکاریی نێوان خوێنەری زەر و خوێنەر ئاشکرایە. قەناغی شیعری کلاسیکی کوردی پێ خوێنەرە، بەڵام خوێنەری نییە.

ئەو مشتومڕە لە نهێنیی ئەو دەقانەدا بە دەست دەکەوێت، وەك سەرچاوەی چێژبەخش پێویستمان بەخوێندنەوەیانە. پەیوەندییەکی دەخۆشکەریان لەگەڵ مووچەك و تەزوو و خورپەی شاراوەی ناخ پێکهێناوە.

من یەك بەباری خۆم، کە پەستی دامدەگرێت و لە هەموو دنیا بە ئومێد دەبم پەنا بە دیوانی: مەحوی، یان دیوانی: حاجی قادری کۆیی، یان دیوانی: گۆران، یان دیوانی: دیلان، یان کۆشیعری: ئەحمەد تاقانە … تاد، دەبم. لە شیعری کوردیدا ئامانە نموونەی دڵگەنن. ئامادەم دەکەنەوە بە گرینگیدان بە هەموو بوارەکانی ژیان، یان دڵگەم فەرمی گەیشتن بە هەموو شتەکان و ناخی خۆم. هەر هەموو ئاستەکیش لێز لە ژیان دانێت و هەوڵی بەرەو پێشەوە بردن و گۆشەسەندن و بیرکردنەوەی باشتر دەدات، هەریەکیش بە تێگەیشتنی خۆی چێژی لە وەردەگرێت. نووسەریش لەسەر بنەما و فراوانبوونی مەوداکانی زمان و هەشتنەوەی بە زیندووەتی ئەو متمانەیەی دەبێتە خوێنکی بەدیهاتوو، لە خوێنەوەش دەست پێدەکاتەوە. من خوێنم هەیە، لە خوێنکانمدا دەست پێدەکەمەوە و دەچمە ناو مەوداکانی بیرکردنەوە و نووسین.

سەنگێك هەیە ناوی مەژوو، هەموومان وەك شیر دەکوێنێت، بۆی دەردەکەوێت چەندمان هەوێن دەبین و چەندیشمان هەدەبزەکەین

وشە

وشەی: خوێن و منداڵی و مردن، بۆئاگایم دەجووێنن و لام دووبارە

دەبنەوە، دەبێت لە پەرسەندنی خەیاندا قسەم لەبارەیانەوە هەبێت و چوارچێوەیەکیان بۆ بگرم، فەزا و ڕۆگەزی ئەم وشانە دیدگای منیان دیل نەکردووە، زیاتر بۆلای خەیاندا بۆکێشیان کردووم. لەناو مندا ڕۆگیان وریایە و بۆگۆشەکردنم ناساندوون، کەشوهەوان بۆ ئەزموونی خۆنیم، لە شیعردا ئیلتیزامم بۆ فەزای بوونەوە هەیە، نەك فەزا و ڕۆگەزی هاندەر و هەکار. بوون لە دەقدا دەبێتە شێوەلی مانا و جوانی و شیعریەت. شیعری من مەبەستی مەزوویی تێدا نییە. داشتنەکی بوونی و گەردوونی و خۆنییە. کار لەناو خۆن دەکەم بۆ دروستکردنی جیهانبینی، خۆن و منداڵی و مردن پرسیاری ئەزەلین، نەکراوە وەڵامەکی ڕۆها بۆ پرسیارەکانی ئەزەلییەت بدرێنەوە، هەر وەڵامەکی دەبێتەوە کەمەڵك پرسیاری دیکە بۆ ئازادکردنی واقیع. دووبارە نیاز و کێکەڵەی گیان و دەزێنەوە گەرم دەکەنەوە، دەمانخاتە بەردەم ئازادیی دەربەین و هەکاری گیاو، خۆن و خەیاڵ و توانا و ئەزموونمان دەجووڵێنێت، دەکرێت ئەم پرسیارە دوابخرێت بۆ دوای کۆتایی زەوی، یان دوای دەزینەوەی بزی مێنالیزا و بەختیاری تا هەتایی، بەوا بۆ بەختیاری تا هەتایە، کاریگەرترین و بەپیتترین ناوەرۆکی مەزووی گیانی پێکهێناوە.
سەنگەك هەیە ناوی مەزوو، هەموومان وەك شیر دەکوڵێنێت، بۆی دەردەکەوێت چەندمان هەوەن دەبین و چەندیشمان هەڵدەبزکێین

لایەنگر

بەڵامەوە گرینگە هەموو ئاستەك ببێتە لایەنگری دەقەکانم، یان نا. بەهای دەربەینی ئازاد شوێنی نووسینی لە جیهان دەزیوەتەوە، بۆ تەواوی مانای ئازادی، ئازادیم لە جۆری بیرکردنەوە و هونەرە جوانەکان و چەژی نووسین بۆ خەم دابین کردووە، ئازادی لەناو هەستیاریی نووسین دەتوێنمەوە، کەسی دووەمیش بەهەمان ئازادی بەرهەمەوە دەچێت. منی وەك نووسین بەڵاوە گرینگە، یان نا. ئەو قەناعەتەشی لا وێنا دەکەم بە هەموو توانای گیانی و هەزی ئەقڵیمەوە ئاماژەکان بۆ دەربەین و ناوەندی بەرهەمهێنان بگەیەنم، بارەکی گیانیش لەناوەندی نووسین چەژی هاندانم دەگەیەنێتە پلەی توانەوە و تەکەڵاوبوون بۆ زەرەك لە شتەکان. هەوێش دەدەم ژیانی چەژدار و بەجوانی پێوەست بخزێنمە گیانی گەردوون و ئادەمیزادەوە. گەردوون و ئادەمیزادیش بگەڕێنمەوە باری یەکەمین فەین. ئەستێتیکای هاوبەش و هەشناییەکانی ناو دەق دەکەمە هونەری لەکدانەوە و تێگەیشتن بۆ پەخشکردنەوەی هەشناییەکانی خەیاڵ و ئەندێشەی وەرگر. وابەستەی کلتووری پێ چالاکیی کوردیم، ئەو کلتوورەی پێوەندیی بەهەر هەموو کەمەگاوە هەیە. بەرهەمی هەشمەندیێتی، کەواتە: ئەمە ناوەرۆکی

گشتیی کلتووریین. تەکنیکی سەخت دەکەم، ناوەرۆکی دەوڵەمەند و بە پیت و فڕ بم.
کلتوور بەو بارە زیندووەی خۆقاندوویەتی، بەناوبانگترین جۆری دەربڕینی ڕەشنبیریە. تا پاشەڕۆژیکی دوور بەو شێوە چالاکی دەمێنێتەوە. مامۆستای من لەگەڵ نووسیندا مامۆستای ئیماندارە لەگەڵ خودا و سەرچاوە. خودا و سەرچاوەش دەبنە پرسیار و گفتوگۆ، پرسیار لە چییەتی بوون و نەبوون و شوێنزا و گەردوون. دواجاریش دەمەوێت بزانم ئەو دەزینەوانە چین، کە پێیان گەیشتووم، پرسیار و گفتوگۆمان چەن بوونەتە یەکانگیربوونەوەی ئاسکانی ناوەند و نووسینیان لەوە دوڕ بووەتەوە.
سەنگێك هەیە ناوی مەژوو، هەموومان وەك شیر دەکوڵێنێت، بەی دەردەکەوێت چەندمان هەوەن دەبین و چەندیشمان هەدەبزەکەین

شەواز
جوانی لە سادەیی و قووبینییەوە دەخوڵقێت. لەیش شتە سادەکان لەناو دەبا و دەی جوانی تێدا هەور ناکرێتەوە، شتە جوانەکان بە سادەیی دەوترێن. لە بەشێك لە بەرهەمی هەشتاکانم لە بنیادی قووی تەمومژدا کارم کردووە، تەمومژ لە ئەنجامی جوانیی زمان دروست دەبێت، لەیش لە ئەنجامی بنیادی ڕووکەش و هەیی زمانەوە.
نموونە: بەزمانێك، وتە: لاپەك دەچێتە لای مرۆڤێك، داوایەك دەخاتە ڕوو. بەزمانەکە لای خۆی مانا و لێکدانەوەیەکی بە داواکەی هەیە و دەزانێت چی دەوێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕووبیی زمانی نییە. ناتوانێت داواکەی لە بەرانبەر بگەیەنێت.
شاعیر هەن ڕووبیی زمان و جیهانبینییان نییە. لە دەروون و هەستی یەکئاستیی خەیان مانایەکیان بە نووسینەکەیان داناوە، بەڵام ناتوانن ئەم مانایەیان بە شێوازێکی ڕووبن لە بەرانبەر بگەیەنن، لەیی ئەم نەگەیشتنەیە. ژیان خۆی پڕە لە شێوازی گەڵان و جموجووڵ و هاندان و هەکار، تەنانەت ڕەنگی سروشتیش گەڵان لە خودی خۆی پەروەردە دەکات. درەخت لە پارچە زەویەکی بچووکدا کەشوهەوای نەشونما وەردەگرێت، هەموو ساڵێکیش گەڵاکانی خۆی لەناو دەدا و هەمای ڕووبن و شێوازی گەڵا نوێکانی دەکاتە کردەیەکی ڕاست. یەك شێوازیش لە ئەزموونی خوێندیدە و وەیی دەزینەوەی ژیانی بە پیتدا، دەسەڵاتدار نابێت. مانۆ و کارکردنیش لەناو شێوازێك ڕایە و تانوپۆی داهێنان هەدەوشێنێتەوە، هەموو سەربەخۆیی و دەسەڵاتێکی کەلکەشیش زەوت دەکات، گیانی بەردەوامبوونیش دادەزنێت. ئەو شێوازی لەناوەڕاستی هەشتاکانەوە ئەزموونم کرد، هەوەم دا لەو ئەزموونەدا کار لەناو مانای زمان بکەم و مانای بابەت بمرێنم.

ئەزموونێك بوو، ویستی هونەری و كۆلكەشیعر زمانوانیەكانم تێدا پشكەش كرد. دوای ئەم پشكەشكردنەش خواستی گۆران لەناوەوە هەژاندمی، هەستم كرد كارێكی دیكە هەیە بە كردن، دنیایەكی دیكەش هەیە بە بینین و شەوازی ژیان. كاتێك ڕۆگا بەخەم دەدەم ئەزموونێك واز لە بەنم و سەرگەرمی ئەزموونێكی دیكە بهم، دیارە وەك ئەزموون گەیشتووەتە دوا ئاستی و لام تەواو بووە، ئەگەر لەناویشیدا بەنمەوە دووچاری خەدووبارەكردنەوە و پێكوتە دەم، خەدووبارەكردنەوە و پێكوتەش كەشی نووسینم لەبەرچاو دادەخەن، لەو باروبوارەدا هەزی خود و ئستە كاریگەرەكانی مرۆقی نوێبەخشیش بە جوانی و ژیان، بە كاریگەر دەبن.
سەنگێك هەیە ناوی مەژوو، هەموومان وەك شیر دەكوێنێت، بەی دەردەكەوێت چەندمان هەوەن دەبین و چەندیشمان هەدەبزەكەین

ڕاگەیاندن

ڕاگەیاندن كەناڵ و ناوەندێكی خزمەتگوزارە بە كردەی ڕۆشنبیری. لەناو ڕۆژنامەوانیی كوردیدا گەیشتووم بە ئەزموونی بەپیتی زۆرێك لە نووسەرانی كورد و سوودمەند بوویمە بە بیر و بۆچوون و فەرمەكانیان. لەلایەكی دیكەشەوە هەندەی لە بەشێك لە ڕۆژنامەوانی بە ناهەق لەبارەی منەوە نووسراوە، هەندە بەهەق لەبارەی ئەهریمەنەوە نەنووسراوە. سەرەڕای ئەمانەش بەبە هیچ هەیەك بە مەبەست و هەڵەی دەستئەنقەست ناوم لە لەكەینەوە و چاوپێكەوتنە ئەدەبییەكان دەسنەوە. بەشێك لە ڕۆژنامەوانیی كوردی هەوەی تەدا دراوە هەقیقەتی شیعری من بشوێنێت. لە ڕۆژگاری ژیاندا ئەوانەی لە چەژی باوخوازەوە تەماشای ئستە كاریگەرییەكانی ژیان دەكەن تاوانكارن، نوێبەخشەكانیش قوربانیی ئەو هەزە باەدەستانەن، كە تاوانكاران دەجووێنن و ئامادەیان دەكەن بە بەجەهەنانی مەرام و تاكتیكە سیاسی و شكستە ئەدەبییەكانیان، دیمەنە سادە و كاریگەرەكانی ژیان وەردەگرم بە تەكەڵاوكردنی فەرمەكانی گۆیاندن چەند ئاستێكی زمانەوانیی شیعرییەتی تەدا دەكەمە ستوونی تایبەتكردن و درەوشانەوە. وەك دەقی بە ئەدەبوو دێخەمە بەردەم كەمێك نیشان و پرسیار، شتە سادەكانیش بەردەوام لە سرووتی تایبەتی و دانایی لەناو خوەقاندنی نووسین زانیاریی ویژدانی و گەرمایی هەستەكانن. بوونمان لەناو خیاندا لەپێناو ژیان و جیهانبینییەكی باشتر بەرجەستە دەكەن، تا لە ژیان كاریگەری و كردەوەی خیان نیشان بدەن.
سەنگێك هەیە ناوی مەژوو، هەموومان وەك شیر دەكوێنێت، بەی دەردەكەوێت چەندمان هەوەن دەبین و چەندیشمان هەدەبزەكەین

تۆامان

بەدەنگی لە قووڵایی نەزاندراودا پەیوەندیی دێکە لەگڵ ژیان و بوون و گەردوون دەدەزێتەوە، پەیوەندییە ساردبووەکانیشی لەگڵ واقیع زیندوو دەکاتەوە. هەندێك شت لە واقیع وەردەگرێت، لە بیرکردنەوەی ڕۆکی دەخاتەوە و ئامادەی گوتنی دەکات. پێکهاتەی سروونی کۆسایەتیم لە نیشتەجێبوون لەسەر زەمین بە خۆ گونجاندن لەناو سەرچاوەکانی ژیان وا هەڵکەوتوون. ئاخاوتن لەناو دڵ دروست دەکەم. لە قسەکردندا خودی ئامادەکراو دێتە پێشەوە، لە ئاخاوتنی ناو دەقیش ئەفسانە و ئەفسوونی خودی وریا و هۆشمەند. ئەگەر زەر بدوێم، تۆامانی ناوەوەم دەکوژێت و بنیادی ئامادەبوونی بەردەوامیی نووسینم دشڵەژێ، ئەفسانە و ئەفسوونی خودیشم بۆتە دەبەت. زەر دوان تەنیا بە کەسی سیاسی گونجاوە، بارووبوار بە گفتوگۆ لەگڵ ئەویدی دروست بکات، نووسەریش بارووبوار بە تۆامانی تاکییەتی و هەستەکانی خۆی دەستەبەر دەکات. خەم بە تێگەیشتن لە کرۆکی ڕۆژگار و بێباکی گرتووە، پڕۆژەکانم بەهۆی زمان و ئەفسانە و ئەفسوونەوە پڕ پەردەدەم، نازانم ئەوەی نووسیومە باشە، یان نا. بەڵام بەو ڕاستییە گەیشتووم پەیوستە لە هەوڵی تۆامان و بەدەنگی بەردەوامبم، کە دەقی بگەڕد بەدەنگییەکی بەردەوامە.

بەدەنگی لای من مانا قووڵەکانی خۆن و گەردوون ئاگادار دەکاتەوە و پرسیاری ژیان و بوونی هەیە و دەیکات بە توانا و ئەزموون.

سەنگەك هەیە ناوی مەژوو، هەموومان وەك شیر دەکوێنێت، بەی دەردەکەوێت چەندمان هەوڵن دەبین و چەندیشمان هەڵدەبزەکێین

گفتوگۆ

هەمیشە خەم لە گفتوگۆ و دیمانە ڕۆژنامەوانییەکان بەدوور گرتووە، ئەو دەسکەوتانەی لە بار و بواری شیعرەوە بە دەستم هێناون، دەکرێ بکرێنە جۆگرەوەی هەموو گوتن و نووسینێکی دیکە. هیچ نیازێکی گوتنیشم نییە لە دیمانە ڕۆژنامەوانییەکان بیکەم بە ناوەندی دەربڕین و درکاندن. هەموو ساتە هۆشیاری و نهێنی و هەستکردنەکانی ڕایەڵ و تانوپۆی نووسینیان چنیوم، لە هێناوم خۆیان ڕاپسکاندووەتە دەرەوە و لە دەقەکانم درکانددوومن. خۆ تەرخانکردنیشم بە بەرهەمهێنانی دەق بەڵاوە گرینگ و ناوەندە. دەق بنەمای پەیوەندییەکان جوان و فراوان دەکات، فەرمانکانی دەروونیش دەگۆڕێت. سەرتاشتە گشتییەکان دەدزمەوە. دواتر گیانی بزەوی شتەکان دەنووسمەوە و هەستی تەدا دەخوەقێنم.

نووسین و قسەکردن لەبارەی شیعر بە کردەی دەزینەوە تێناگەم، زیاتر گواستنەوە و گێاندنە. هەوە دەدەم خەمی لە بپارێزم، لەگڵ ئەوەش

لە هەموو بابەتێك پتر، تامەزرۆی خوێندنەوەی دیمانە ڕۆژنامەوانییەكانی شاعیرانی بە ئەزموون و ژینناموی كسایەتییانم. تەوانین و زەر وردبوونەوەش لە شیعردا دەمانباتەوە بە سەردەمی لەدایكبوونی یەكەمین مرۆڤ. نووسین ناتوانێت لەبارەی یەكەمین مرۆڤ ستیەك، تەنیا ستیەك بەهەز بكات، تەنیا لەرزەی گیان دەتوانێت لەناویدا وردبێتەوە و بگات بەباری تەواماني یەكەمین مرۆڤ.
سەنگەك هەیە ناوی مەژوو، هەموومان وەك شیر دەكوێنێت، بەی دەردەكەوێت چەندمان هەوەن دەبین و چەندیشمان هەدەبزەكەین

تشرینی یەكەمی 2002 هەولێر

لەگەڵ عامە مەچە شامە!.. سەدیق سەعید ەواندزی

بەوانكەم، تاكی هیچ نێتەویەك وەك تاكی كورد (مەبەستم باشووری كوردستانە) هەڵگری هەندەك خاسیەت و تایبەتمەندی كەمەایەتی و پەروەردەیی و كەسی سەیر و سەمەرە بێت. بە جۆرەك هیچ كرانەوە و پشكەوتنەك، گەڵانكاریی و هوشیاریەكی هزریی و كەمەایەتی، ناتوانێت یاخود ئەستەمە كاریگەریەتی لە سەر ئەو تایبەتمەندییانە، بە ئاراستەیەكی دیكەی جیاواز و نوە دابنێت. یەكەك لەو خاسیەتانە، لاسایكردنەوە و شوێنكەوتن و مەدەلخوازییە. لە باشووری كوردستان، هەرئەوەندە شتەك دەبێتە مەد، ئیدی هەموان وەك بە بەغا، چاو لە یەكتری دەكەن و لاسایی یەكتری دەكەنەوە. وەك ئەوەی دەڵێن:_(لەگەڵ عامە بێ شامە) سەرنج بدەن، ئێستا وەرزشی شاخەوانی لە كوردستان بێتە مەدەل، لە پیرەمێردەكی هەفتا ساڵیەوە بیگرە، بە ئافرەتەكی سەد كیلەیی، بە منداڵ و نەوجەوان و فەرمانبەر و نەخوێندەوار و سیاسی و كادیر و مامۆستای زانكۆ و یزیشك تا بە هەموان دەگات. كەسانێك ئەو وەرزشە دەكەن، كە نەخشی (بەرزی پستانی خوێن، پەركەم، سستی گورچیلە، شكرە، ئەبە، دە) و چەندان نەخشی دیكەیان هەیە، لەكاتێكدا هەر كەسێك كەمێك هوشیار بێت، دەبێ بزانێت نابێ ئەو كەسانە ماندووبن، چونكە دەمرن. لەو ماوانەی ابردووەدا،

چەندان کەس بە تەقینەوەی مین، هەڵدەران لە شاخ، نەڕەی دە، بەرزی پستانی خوێن، نزمبوونەوەی شکڕە، لە میانەوەی ئەو بە ناو وەرزشە شاخەوانییەی لە باشوور دەکرێت گیانیان لەدەستدا. بگرە کەسێک لە هەواندز، لە شوێنێک بە هەی شاخەوانییەوە بەرمین کەوت، کە دەیان ساڵ لەوێگەیە. ئایا ئەمانە، نیشانەی ناهوشیاریی و نەزانین نییە لە کردنی کارێک کەهی خەیان نییە. بگومان لە هەموو دنیادا، وەرزشکان تایبەتمەندن و هی هەموو کەسێک نین، مەگەر چەند محمەد عەلی کلایی و زەدان و مارادەناو لە جیهاندا هەن؟ بەیە ئەوەی بە ناوی شاخاوانی دەکرێت، لە ڕاستیدا گاتەجارییەکە ئەوسەری دیار نەبێت. کە دێتە سەر هوشیاری تەندروستی، کورد هەموویان دەبن بە پزیشک. پێت دەڵێن: گەر دەتەوێت لەش ولارێکی ڕێک و ساغڵەمت هەبێت، ئەوا وەرزش بکە، شەکر مەخە، برنج مەخە، نانی سپی مەخە،،شیرینی و شوکەلاتە مەخە! باشە، کەس هەیە ئەمانە نەزانێت؟ دواتر با بپرسین مرۆڤ ئەگەر ئەمانە نەخوات چی بخوات؟ مەگەر سندووقێک سەو، جگەی سەد گرام گەشتی ئاژەڵ دەگرێتەوە؟ مەگر دە کیلە لالەنگی، جگەی جگەی یەک شەکەلاتەو چوکلێت دەگرێتەوە؟ کە دێتە سەر ئایین، هەموویان مەلای دوانزە عیلمن و خەیان پە ئاییندارێ برەفکێت، کەچی هەر ئەو کەسانە درە دەکەن، ناپاکی دەکەن، دووڕووبە بڕێن و هەڵپەرستن و بە ئارەزووی خەیان نرخ نزم و بەرز دەکەنەوە. سەرنج بدەن، عەمڵە کردن بێتە مەدەل، هەرچی هاووڵاتی ئەم باشوورێ، ڕووی کردێتە ماڵی خودا. کەسانێک هەن، بە درۆزایی ژیانییان، ناوی خوایان نەهێناوە، مەیان خواردێتەوە، مەگەر خوا بزانێت چەند کاری خراپ و لادانییان بە درۆزایی ژیانییان کردووە، کەچی لە ئاخیر و ئەخری عومریان، دوای ئەوەی دەزانن هیچیان پێ نەماوە و هەر دەمرن، دەگەڕێنەوە لای خوا، وەک ئەوەی ئاییندارێ گاتەی منداڵان بێت! تە کە خێت پێ گەڕاوە و خوداپەرستە، بەچی لە تەمەنی بیست ساڵی ناگەڕێتەوە لای خواو لە تەمەنی هەشتا ساڵی ئەمە دەکەیت؟ باشە ئەو هەموو تەچووە مادییەی لە عومڕە خەرج دەکرێت، قوتابخانە، بنکەی تەندروستی، باربەی منداڵانی شەهید و کەمدەرامەتی پە بکرێت، خەری زیاتر نییە؟ هەمومان دەزانین لە ئاییننی ئیسلامدا، سوننەت و واجب هەیە، واجبەکان دەبە هەر بکرێن، بەڵام ئاسایێ، زەریش ئاسایێ سوننەتەکان بە جێ نەگەیەندرێن، چونکە لە بەرنبەردا، مرۆڤ هیچ گوناهێکی بە نانووسرێت. کە دێتە سەر سیاسەت، هەمووێان چاودێری سیاسین و دەبنە شەڕەکاری سیاسی لەم کەناڵ و ئەو کەناڵ. کە دێتە سەر پەرەپێدانی مرۆیی و پەروەردەیی خەزان و کەشە کەسی و تایبەتییەکان، هەمووان دەبنە ئەشە. جوبران و لوقمانی حەکیم. هێنمایێت دەکەن، وەعزت بە دەدەن و پێت دەڵێن بەختەوەر بژی، خەم

مرۆڤ، چۆن لە زیان ببینێ، هەست بە ئاسوودەیی بکە، زیان ئەو ساتانەیە کە تیایدا دەژیت. ئەوانە، هێندە کافامن، نازانن خەمی هەر مرۆڤێک لە ناخی مرۆڤەکە خۆی دایە و کەس ناتوانێت لە بری کەس هەست بە خۆشی و کامەرانی بکات. ئەوانە، لە سەنگەی زیانی خۆیانەوە، زیانی ئەوانیتر دەبینن. دەی باشە، کە دەتوانێت گەشبینی و بەختەوەری لای عاشقێک دروست بکات، کە مەعشوقەکەی لەدەست داوە؟ کە دەتوانێت، درک بە خەمی گەورە و پەنهانی مرۆڤێکی دەشکاو و تێکشکاو لە خۆشەویستی بکات، کە دەتوانێت ببێتە حەکیمی مرۆڤێکی خەمبار، کە دایک، برا، باوک، ئازیزترین کەسی لە دەست داوە! بە ڕاست، گاڵتەجاڕی لەو شەوەیە، جگە لە نەو ئەمە، لە هیچ شوێنێکی ئەم دنیایە هەیە؟ کەس هەیە لە یەک کاتدا، خۆی بە جەرەها شەوە بناسێنێت و نمایشی ماسکاویی بکات؟ هەندێک جار، ئەم جاڵتانە دەگەنە ئاستێکی هێندە کاریکاتێری، مرۆڤ نازانێت پێ بکەنێت یان بگریت! لەو ڕۆژانەی ڕابردوودا، لە یادی ڕۆژی کرێکاراندا، وێنەی نووسەرێک بەاوکرایەوە و تێڕوانینی تەنیایەوە کە گوایا کرێکارە، من نازانم ئەو نووسەرە بە پیشە چییە، بەڵام زەرباش ئەوە دەزانم، ئەم نووسەرە، کەم بەرپرسی ئەم هەرەمە هەیە نەیبینێت و نەیانناسێت و هەرکاتێکیش ئارەزووی کرد نەیانبینێت. هەر لە سەرۆک کۆمارەوە بە سەرۆکی هەرەم و وەزیران و وەزیر و سکرتێری حزب و تا بە هەر کادیرێک دەگات. باشە ئەمە بە کرێکارێکی داماو دەچێتە سەر؟ ئەم نووسەرە، کەی ئارەزووی کرد، لە شاشەی تیڤی ئەو بە ناو کەناڵانە دەردەکەوێت: کە بەپارەی دزاراوی نەوتی ڕۆشەو و ڕووتانی ئەم هەرەمە، پەخشی بەرنامەکانییان دەکەن و لە چرکەیەکدا سەدان گەڵا لە پەخشی ڕاستەخودا خەرج دەکەن، کەچی منداڵی پشمەرگەیەکیش، لە ژێر نایلۆن و جەمەڵان و دار و پەرتووەدا دەژیت. باشە کرێکارێک، لە خونیش سەرۆک کۆمار، سکرتێری حزب، ستەدیەی یەک لەو کەناڵانە دەبینێت؟ ئیدی کوێوی ئەم برادەرە لە کرێکارێکی داماو دەچێت؟ بە داخەوە ئەم تایبەتمەندییانە و سەدان دیکەی نەشاز و نەشیاو، لە مرۆڤی کورد هەنە و دەرخەری ئەو ڕاستییەن، کە ئەمە تەنها بە ناو پشکەوتووین، دەنا هەشتا زەرینەی هەرە زەرمان، بە ئەقڵی سەدەکانی ناوەڕاست بیر دەکەینەوە. مرۆڤ هیچ کاتێک نابێت لەگەڵ عامی بچێتە شام، هەموو جیاوازییەکان، داهێنانەکان، ئاگایی و هوشیاریی و درککردنی تاکانە، لەوە سەرچاوەی دەگرن، کە مرۆڤ خۆی لەمەگەڵ جیا دەکاتەوە، لەدەرەوەی کولتووری باوە، هەڵگەی هەمان عەقڵییەتی ڕەشکی و هەمووکی نییە، بەڵام مرۆڤ چ کاتێک دەتوانێت بەم شێوەیە بێت؟ بەگومان کە هوشیار بووە وە، کە خوێندیەوە، بەیە گرنگە مرۆڤ هەمیشە هاوشێوەی هەمووان نەبێت و هەرگیز بەوای بەو پەندەی سەرەوە

نەبەت.

حەقیقەتی ئەردۆغان.. گەران هەڵە بجێیی

[بۆ ئەو مسوڵمانە کوردەی هەموو کورد دەکاتە قوربانی تورکەکی مسوڵمان، بۆ هەودارانی ئەردۆغان لێ باشوور]

ئەردۆغان ئەو کەسەیە کە زیرەکانە ئیسلام بۆ بەرژەوەندی خۆی و حیزبەکەی بەکاردەهێنێت، ئیدی ئەم بەرژەوەندیە چۆنی خواست، ئەو خۆی لەگەیدا دەگونجێنێت ، با ئەگەر لەسەر حسابی ئاینەکەیشی بێت.

بەنمونە لەم ماوەیەدا ئەردۆغان پەنای بۆ چەند کردەیەک بردوە کە بەهیچ جۆرێک لەگەڵ قەناعەتی ئایینی و پرەنسیپی ئیسلامیدا یەکناگرنەوە ، بەڵام ئەو چاوی لەبەرژەوەندی خۆی و حیزبەکەیەتی نەک بەرژەوەندی ئاینی.

- چەند ساڵێک بوو پەیوەندی نێوان تورکیاو ئیسرائیل تێکچوبوو ، هەردوولا یەکتریان بە پێشێلکاری مافی مرۆڤ تاوانبار دەکرد،لە بەهەی نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکانی تورکیا کەساڵێک کەمتری ماوە ،وە بەمەبەستی بەرزکردنەوەی کەرقی حیزبەکەی، ئەردۆغان چەندین هەنگاوی نا ، یەکێک لەوانە ئاسایکردنەوەی پەیوەندیەکانیان بوو لەگەڵ ئیسرائیل ، ئەم هەنگاوە کووتووپڕەی ئەردۆغان بە ئیسرائیلیکانیش جێگەی سەرسوڕمان بوو .
+تورکیا یەکەم دەوڵەتی ئیسلامیە کە ئیعترافی بە ئیسرائیل کردوە.
+تورکیاو ئیسرائیل گەورەترین ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوانیاندا هەیە کە ساڵانە بە چەندین ملیاردلار دەخەمڵێنرێت.
+گەشتیارانی ئیسرائیلی بۆ تورکیا ساڵانە لە نیوملیۆن گەشتیار تێپەڕدەکات.

+مەزنترین کارگەی دروستکردنی کەرەستەی سەربازی ئیسرائیلی لە تورکیا.
+تورکیا گەورەترین هەناردەکاری چیمەنتیە بۆ ئیسرائیل [کە بە بیناکردنی مستەوتەنەکان بەکار دەهێنرێن]
+ناوی تورکیا لە نێو ئەو وڵاتانەدا {نیە }کە لەووی دارایی و کەمکی فەلەستینیان کردووە.
+ئەردۆغان یەکەم سەرکی مسوڵمانە کەمەدالیای [جوامێری ئیسرائیلی] پێبەخشراوە.
+ئەردۆغان یەکەم سەرکی وڵاتکی مسوڵمانە کە زیارەتی گۆڕی دامەزرێنەری بزافی زایۆنزمی{ تیودەر هەرتزل} ی کردوە .
+ئەردۆغان یەکەم سەرکی مسوڵمانە کە تا ئێستا [٥] جار سەردانی ئیسرائیلی کردوە.
- سەفەرکردنی هاوڵاتیانی ئیسرائیلی بۆ تورکیا بۆ ڤیزەیە ،بەتام بۆ فەلەستینیەکان [ئۆگەر ڕەگەیان پێبدەن] ئەوە بۆ ڤیزەیە،
+دەمک ئەردۆغان کووفیە{جامانە} ی فەلەستینی لەمل نابوو ،لە بەردەم میدیاکاراندا گووتی [قودس هەی سوورە]و بەرەنگاری هەر وڵاتک دەبینەوە باوەزخانەکەی بگوزێتەوە بۆ ئەو باژێ ، بەتام هەر زوو لەو قسەیە پەشیمان بوویەوە ،بەوەی بۆ فەرمانی خودی خۆی کەمپانیای{لیماک} بەگوژمەی [٢١] ملیۆن دۆلار ، دروستکردنی بینای {باوەزخانەی ئەمریکای لە قودس} لە ئێستەگرت.شایانی ئاماژەیە خاوەنی ئەو کەمپانیایە[نیهاد ئەزدمیر] ە کە دەستکی نزیکی ئەردۆغانە،هاوکات زاواکەی ئەردۆغان[بیرات بەیرەق] و [بن علی یەلدرم] پشکیان تێدا هەیە.
بەمەش تورکیا بووە سەرمشقی هەموو وڵاتانی جیهان کە دەستی بۆ کارکی هەستیار و مەترسیدار برد ،هاوکات دەستایەتی و دەسەزی خۆی بۆ ئیسرائیل سەلماند.
+لە تورکیا ٢٦ قاعیدەی عەسکەری ناتۆ هەیە.
+تورکیا تاکە وڵاتی ئیسلامیە کەبەفەرمی ڕەگەی بۆ هاوسەرگیری هاوڕەگەزبازەکان داوە.
+تورکیا تاکە وڵاتی ئیسلامیە کە [کەناردەریای نوودیست]ی هەیە،واتە ڕووتبوونەوەی تەواو .
+تورکیا تاکە وڵاتی ئیسلامیە کەدژی قورئان وبنەماکانی ئیسلام کاری کردوە ،بەوەی فرژنی تێدا قەدەغەیە .
+یەکەم دەوڵەتی ئیسلامی تورکیایە کە بەفەرمی ڕەگەی بۆ لەشفرۆشی داوە.

+ژمارەی ئەو ماڵانەی کاری لەشفرۆشیان تێدا دەکرێت لە سەرانسەری تورکیادا پتر لە {٢٠٠٠٠} ماڵە.
+داهاتی ساڵانەی تورکیا لە بواری لەشفرۆشیدا [چوار ملیار دۆلار]
+ئەوانەی کاری لەشفرۆشی دەکەن بە گوێرەی کانیشەوە ژمارەیان [٣٠٠٠٠٠] کەسە.
+٢٦٥ کارگەی دروستکردنی مادەکحولیەکان لە تورکیا هەیە .
+دەرکردنی ئیخوانەکانی میسر لە تورکیاو داخستنی بارەگاو میدیاکانیان ، بە دەنگی مسوڵمانانی جیهانی لەکەوتووە بکوردیشەوە.

+ئەردۆغان ،وەک ئامرازێک ئاین بە گەوجاندنی کوردە ئیماندارەکان بەکاردەهێنێت،بەتایبەتی ئەوانەی ئەردۆغان بە خلیفەی نوێی موسوڵمانان دەزانن.
+لەکن ئەردۆغان هەموو کورد دوژمن و نەیارن ،ئیدی با مسوڵمانی عەیار ٢٤ بێت،وەک عەلی قەرەداغی و هاو فکرەکانی.

گەر ئەم حەقیقەتانە لەکن هەندێک کاڵفامی ئیسلامی باشوور نوێبن،ئەوە بەدنیاییەوە بە دوونوێژی ئەردۆغانی نەژاد پەرست و فاشست لەخشتە براون.
+گەر پرسیار ئەوەبێت ئەی بۆچی لەگەڵ ئەم هەموو فەزاحەتشدا هەشتا ئیماندارانی باشوور سەرسەختانە داکۆکی لەدەکەن؟
+بەبۆچوونی من وەڵامەکە ئەوەیە ،ئەو جۆرە کوردە ئیماندارانە بەیاریان داوە گەر فەزیحەتەکانی ئەردۆغان لەوەش زیاتربن ، هەر داکۆکی لەدەکەن و وەک ئیماندارێکی بێگانەپەرست و خۆفرۆش بمێننەوە ،کە ئەمەش لادانە لەپرەنسیبە ئەخلاقی و نەتەوەیی و نینسانیەکان.
ئاشکرایە کوردی مسوڵمانی حیزبی و غێرە حیزبی نیشتجێی باشوور هەستی نەتەوایەتی و مرۆڤدۆستی لەکن زۆربەیان غائیبە ،ئەوانە ئازاری مسوڵمانێکی فەڵەستین یا بورما [کە دنیام زۆربەیان نازانن بەرما دەکەوێتە کوێ] کە هەزارەها کم لەماناوە دوورە ،هەستیان دەبزوێنێت و داکۆکییان لەدەکەن و فرمێسکیان بەدەژن،کەچی لەئاست ئازار و مەینەتی و چەوساندنەوەی کوردانی باکوور و ڕۆژئاوا {کۆوکوردستان} ،دەتوانم بڵێم بەکارە نائینسانیەکانی ئەردۆغان دژی هاوزمانی خۆیان خۆشحاڵن و خۆنی دەبن.
سەرنج/ ساڵی پار کەتایی مانگی {٨} ئەم بابەتەم بە ناونیشانێکی دیکە نووسی، کە ئاراستەی علی قەرەداغیم کردبوو.هەست دەکەم دووبارە پەست کردنەوەی لەم دەخێی ئێستادا کە[هەڵبژاردنەکانی

تورکیا] بەڵێنەوەیە، بەپێویست دەزانم.
جگەلەوەی ناونیشانکەیم گۆڕی ،هاوکات کوورتم کردەوەو لەهەندێک شوێنیش دەستکاریم کرد.

هەڵبژاردنەکانی تورکیا و ئەنجامەکانی، ئەرگان یان کلیچدار؟.. لوقمان ئابڕاخی

هەڵبژاردنەکەی ئەمجارەی تورکیا، بەتایبەتی بە سەرکایەتی، کە یەکشەممە، ١٤ مایسی ٢٠٢٣ دا دەکرێت لە هەر سێ ئاستی ناوخەیی، هەرێمی و تاادەیەکیش نەودەوێتیدا بایەخێکی زۆری پێدارون.
وا بە بیست ساڵ دەچێت ئەردۆگان، لە پێشدا وەکو سەرکۆزیران و دواتریش وەکو سەرۆککۆماری تورکیا، حوکمی کردووە و ئێستایش سەرباری ئەوەی کە تەندروستی باش نیە، بەڵام لە کەبەکێی ئەم هەڵبژارنەیشدا بڕیاری بە درێژپێدان بە پێستی سەرۆککۆماری تورکیا.
لە لێکۆڵینەوەیەکی نەردیەک مانیتەر کە لە ٢٥/٣/٢٠٢٣ دا بڵاوکراوەتەوە، دەریخستووە، هۆجۆب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا نێشتەرگەری بە لابردنی وەرەمێکی شێرپەنجەیی بە کراوە و تووشی نەخۆشی سڕئێشە بووە، لەنەو ئاڵۆزییە تەندروستییەکانی دیکەیدا، هەندێکجار هۆفتاری ناڕێک و تەقینەوەی تووڕەیی و لەدوانە ناکۆکەکانی لە دەرکەوتن و گفتوگۆکانیدا هەست پێدەکرێت.
ئەو لە سەرەتای دەستبەکاربوونیدا وەکو سەرکۆزیران، بە چەند هەنگاوێکی ئەرێنی دەستی بە کارکانی کرد کە بە ماوەیەک سەقامگیری ئابووری و سیاسی لە ناوخەدا دروستکردبوو. نزیارکانی و ووڵاتانی هۆژئاوایشی بەوە دڵنیادەکردەوە کە سیاستێکی دیموکراسی، لیبڕاڵی و ئایینێکی میانڕەو پیادەدەکات. بەو شێوەیە ناوخە و دەرەویشی دڵنیاکردەتەوە کە ئەو سەرچاوەی ئارامی و سەقامگیری ئابووری، سیاسی، ئەمنی وکەمەڵایەتی دەبێت کە دوایی دەرکەوت ئەمە تەنها فریودانی ناوخە و دەرەوەی تورکیا بووە بە هۆگ داکوتان و بەهێزکردنی دەسەڵاتی حوکمکەیەتی بە گەیشتن بە ئامانج

ەستەقینەکانی.
بەهام ئەردەگان و ژمارەکەی ئێستا سەرچاوەی نائارامی، پشێوی وناسەقامگیرین نەک تەنها لە ناو تورکیادا بەڵکو لە ناوچەکە و لە جیهانیشدا.
گوتاری سیاسی ئەردەگان لە سەرەتادا و لە ساڵی ٢٠٠٠ەوە گوتارێکی کۆنسەرڤەتیڤی، نیمچە عەلمانی و نیمچە لیبراڵی بوو وە بەپێنی (سفر گرفت)ی دابوو لە ناوخۆ و دەرەوەی تورکیادا. بەڵام لە دوای ٢٠١٠ەوە گوتارەکەی دەگۆڕێت بۆ گوتارێکی ئایینی تووندڕەو و شۆڤینیستکی نەتەوەپەرست و هەگزپەرست کە بەرگی ئیخوانی ئیسلامی بۆ بەردا کردبوو.
ئەگەری هەرەسی ئەردەگان و ژمارەکەی ساڵ بە دوای ساڵ وە بەهۆی سیاسەتە چەوت وهەڵەکانی ئەردەگان و لەشکرکێشیکانی و شکستەنگێزەکانی بەردەوام لە هەڵکشاندا بووە.
هەرچەندە ئابووری تورکیا لە دە ساڵی یەکەمی حوکمڕانیەکەی ئەردەگاندا گەشە و بەرەوپێشچوونی بە خۆیەوە بینیوە، بەڵام لە دۆیەی دووهەمی حوکمڕانیەکەیدا هەمووپانی لە دەستداوە و ڕووی لە هەدەرکردووە.
ئەمانەی خوارەوە مشتێکن لە خەرواری شکستەکانی ئەردەگان بەهۆی سیاسەتە چەوت و شکستەنگێزیەکانیەوە:
١- خراپبوونی باری ئابووری کە بەرزبوونەوەی هەڵئاوسان بەهۆیەوە بە ژمارەی ٨٠٪ لە سەدا هەشتا زیادی کردووە. ئەم ژمارەیە ئەوەیە کە حوکمەتەکەی ئەردەگان خۆی دانی پیاناوە بەڵام چاودێران ژمارەی هەڵاوسانەکە بە دوو ئەوەندەی ئەو ژمارەیە زیاتر مەزندە دەکەن.
٢-دابەزینی هاوڵێری تورکی کە بەهاکەی لە ساڵی ٢٠٠٥ دا بەرامبەر بە دۆلار لە ١،٥ واتە لە لیرە نیوەکەوە گەیشتە سەروو ١٩،٥ نزدە لیرە و نیو لە ساڵی ٢٠٢٣.
٣- بە کوشتدانی هەزاران هاوڵاتیی تورکیا لەو جەنگە درێژخایەنانەی نەوان سوپای تورکیا و هێزەکانی پەکەکە کە بە دەنیایەوە بەردەوام چارەسەری ئاشتیانە بوونی هەبووە کە ئەردەگان بە هیچ کلۆجێک ئامادەگی دیالۆگ و چارەسەری ئاشتیانە لە هەگبەکەیدا نەبووە.
٤-بەفیڕدانی کات، ووزە و سەنجی حوکمەتەکانی پێش خۆی بە چوونە ناو یەکێتی ئەوروپاوە بە دووركەوتنەوە لەو ئامانجە و ناشرینکردنی تورکیا و بوونە هەکاری پەراوێزبوونی تورکیا لە مەحفەلی نێودەوڵەتی.
٥- بەفیڕدانی سەدەها ملیار دۆلار بەهۆی درێژدان بە شەڕی درێژخایەنەکەی لەگەڵ پەکەکە وە لەشکرکێشیکانی تری بۆ داگیرکردنی خاکی سوریا و لیبیا کە ئەگەر ئەو پارانە بۆ ئاوەدانکردنەوەی

تورکیا و خۆشگوزەرانی هاووڵاتیانکانی تورکیا بەبێ جیاوازی تەرخان بکرایە، لیرەی تورکی هاتبایە نادەکرد و ئابووری تورکیا ئابووریەکی بەهێز دەبوو وە ئۆگریش زەر بوو کە ئێستا تورکیا ئەندامی یەکێتی ئەورووپا بووایە.
٦- هێشتا بەکارى و هەژارى گەیشتۆتە بەرزترین ئاست کە خەڵکى تورکیاى تواو تووڕە و بێزارکردووە لە ئەردۆگان و دەسەاتەى کە هەکارى ئەو بێکارى و هەژارییەى ئێستاى خەڵکى تورکیان.
٧- لە کاتێدا پتر ٥٠٠٠٠ پێنجا هەزار هاووڵاتى تورکى گیانیان لەدەستداوە و پتر لە ملیۆنێک هاووڵاتى ماڵ و کەسانى نزیکیان بە هۆى بوومەلەرزەکەى ٦ ى شوباتى ئەمساڵەوە بڵاوە و ماڵ و دارتان، بوون کە هەکارى سەرکى هەرسهێنان و ووخانى زیاتر لەو ١٧٠ هەزار بینایە لەو ١١ پارێزگایەدا دڕگەتۆتەوە بە کەمتەرخەمى حوکمەتەکەى ئەردەگان لە چاودێرى و سەپاندنى یاسا و جێبەجێکردنى ڕێساکانى تایبەت بە سەلامەتى خانووبەرە. کەچى ئەردەگان خۆى لە کۆشکێکدا دژى سەدان ملیۆن دۆلارى تێچووە، خاوەنى فڕۆکەى تایبەتە کە پتر لە ٤٠٠ چوارسەد ملیۆن دۆلارى تێچوە وە مووچەکەیشى لە ٨٨،٠٠٠ هەشتاو هەشت هەزار لیرەوە بووە بە ١١٩٠٠٠ سەدونۆزدە هەزار لیرەى تورکى.
٨-ئازادى ڕادەربڕین و پرەس لە نزمترین ئاستدایە بەشێوەیەک کە تورکیا ئێستا یەکێکە لە خراپترین ووڵاتەکانى دنیا بە ئازادى پرەس و ڕادەربڕین. وەکو سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان ئاماژەیان پێکردووە، تورکیا تەنها لە پێش ئەفگانستان و کۆریاى باکوورەوە لەو بوارانەدا.
٩-ئیفلیجکردنى سیستەمى دادوەرى و دەستوەردانە کارياناوە، دەرکردن یان پەراوێزخستنى دادوەرە بڵایەنەکان و وە دامەزراندنى زۆرێک لەو دادوەرانەى کە تەنها وڵائیان بە خۆى هەیە. ئەردەگان بەردەوام ئەم دادوەرانەى بەکارهێناوە بە جێبەجێکردنى ئەجێندا کانى خۆى و شەرعیەتدان بە زیندانیکردنى هەزاران کەسى بێتاوان کە بە تاوانى دروستکراو، فابریکەکراو، وە بەحوکمى ناڕەوا و نادادپەروەرانە حوکمدراون و زیندانیکراون.
١٠-پێشێلکردنى مافى مرۆڤ و ڕەزنەگرتن لە ڕەکەوتنامە نێودەوڵەتیەکان.
١١-پێشێلکردنى سەروەرى ووڵاتانى دراوسێ و نادراوسێ، داگیرکردنى خاکى ئەو ووڵاتانە و گوندان و بڕەزیکردن بە یاسا نێودەوڵەتیەکان.
١٢-دەرچوون لە پەیماننامەى ئستەنبوڵ کە پەیوەستە بە مافى ئافرەتەوە. دەرکردنى یاسایەک کە ماف بەو پیاوانە دەدات کە بە زەر لاقەى ئافرەتانیان کردووە، لە جیاتى ئەوەى سزابدرێن و زیندانى

بکرێن، هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو ژنە لاقەکراوانەدا بکەن.
١٣- بەرزبوونەوەی گەندەڵی و هێزی تاوان لە تورکیادا بەهۆی بێکاری، هەژاری، گەندەڵی و خراپ بەڕێوەبردنی ووڵاتەوە.
١٤- لە کاتێکدا کە لە تورکیادا لێشفرێشی مەڕەت پەرەوە و هاوڕەگەزبازی ڕێگەپێدراوە، ئەردۆگان بەردەوام خەریکی دروستکردن و پەروەردەکردن وپەدانی یارمەتی دارایی بووە بە چەندین گرووپی ئیسلامی تووندڕەو و ئیخوانی لە هەرێم و لە جیهاندا کە مەبەستی سەرەکی ئەردۆگان بێکارهێنانی ئەو گروپ و لایەنە ئیسلامیە تووندڕەوانەیە وەکو کارتی فشار بە سەر ئەو ووڵاتانە بە گەیشتن بە ئەجێندا کانی خۆی.
ئەمانە و زۆری تر کە بارودۆخی ئێستای تورکیا و ژیانی تورکەکانی لە خراپەوە بۆ خراپتر و خراپترین بەردووە و ئەگەر لە هەڵبژاردنەکەیشدا بیبات ەوە، ئەوانی لەسەرەوە ئاماژەیان پێدراوە، زۆر خراپتر دەبن.
لە بەرامبەردا کلیچدار ئۆغلۆ کە ڕکابەرێکی بەهێزی ئەردۆگانە، سەرەکی ئێستای پارتێکی مستەفا کەمال ئەتاتورکە، کە پارتێکی نیمچە عەلمانی نەتەوەپەرستی ڕاستەوە، چەندین بەڵێنی داوە بە ڕاستکردنەوەی ئەو بارودۆخەی تورکیا کە ئەردۆگان بەو دەردەی بردووە.
کلیچدار دەڵێت کە ئەو دژی سیاسەتە چەوت و شکستخواردووەکانی ئەردۆگانە و ڕاستیاندەکاتەوە.
لەبەردا تیشک دەخەمە سەر ئەم بەڵێنانەی کە لە بەرنامەی هەڵبژاردنەکەیدا، کە ٢٤٠ لاپەڕەیە، نووسراون:
١-گرتنەبەری ڕێگای زانستی بۆ بووژانەوەی ئابووری تورکیا و لیرەی تورکی.
٢- هەوڵی خستنەوەی تورکیا بۆ سەر بە ڕێچکەی ئەندامبوون لە یەکێتی ئەورووپا.
٣-زیندووکردنەوەی دیموکراسیەت و ڕزگرتن لە ئازادی دەربڕین.
٤-هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان بە شێوەیەکی ئاشتیانە.
٥-گەڕانەوەی شکۆ و سەربەخۆیی بۆ دادوەر و دادگاکان.
٦-ئازادکردنی زیندانە سیاسیەکان و هەڵوەشاندنەوەی یاسا قەرەقوشیەکانی ئەردۆگان.
٧- گەڕانەوە بۆ پەیماننامەی ئێستانبوڵ و بۆ یاسا مسۆگەرکردنی مافی ئافرەت بۆ حیجابکردن.
٨-ناردنەوە و گەڕانەوەی ٣،٧ ملیۆن، سێ ملیۆن حەوت سەد هەزار کەچبەری سوریایی لە ماوەی ٢ ساڵدا بۆ سوریا. هەبەتە ئەم کارە هەروا ئاسان نیە و پێویستی بە کاتێکی زیاتر و هەوڵی دیپلۆماسی

بەردەوام و بودجەیەکی زۆبەلاح هەیە.
٩-هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی سەرکایەتی کە لە ٢٠١٨ەوە ئەردەگان بە بەرژەوەندی خۆی بە یاسا جێگیری کرد و گۆڕانەوە بە جیاکردنەوەی دەسەاتەکان. هەبەتە ئەمش کارێکی ئاسان نیە کە پێویستی بە ٥/٣ واتە لە ٦٠٪ دەنگی پەرلەمان هەیە بە هەڵوەشانەوەی یاسای سەرکایەتیەکە.
ئەردەگان هەر ئەوەندەی باوەڕی بە دیموکراسیەت هەیە کە لە خزمەت ئەجێندا‌کانی خۆیدا بێت، تەنانەت هەبژاردنیش لای ئەو نوکتەیەکی بێتامە و هیچ سەنگێکی نیە. بە نموونە لە کەی ١٠٤ سەدوچوار سەرۆک شارەوانی کە لە هەبژاردندا و بە دەنگی خەڵک ئەو پۆستیان وەرگرتبوو، ئەردەگان بە حوکمێکی قەرەقووشی ١٠١ سەد و یەک پۆستی لەو هەبژەردراونە سەندەوە، بە تاوانی دروستکراوی بە بنەما و درۆ دادگاییکران و خرانە زیندانەوە وە پۆستەکانیشی بەخشی بە ئەندامانی پارتەکەی خۆی کە ناوی (قەیوم)ی لێنابوون.

ئەردەگان ئەنجامی یەکەمی هەبژاردنی شارەوانیەکانی ساڵی ٢٠١٩ ی قبوونەکرد کە حیزبەکەی خۆی و کاندیدی پارتەکەی ئەو پۆستیان دەستاندبو، خولێکی تری هەبژاردنی سەپاند کە ئەگەر لەبەر فشاری گەورەی ناوخۆ و نەودەوڵەتی نەبوایە وە لەبەر ئەوەی زەرەرمەندی یەکەم کەسی خۆی نەبوو، دەستاندنی خولی دووهەمیشی قبوونەدەکرد.
ئەمە خۆی لە خۆیدا ترس و خەم و نیگەرانیەکی قووڵی دروستکردووە کە لە ئەگەری دەستاندا، ئەردەگان ئەنجامی هەبژاردنەکان قبوونەکات، بە تایبەتی کە هەموو دادوەرەکانی دادگای باڵای تورکی دەستبژێری ئەردەگان خۆیەتی و کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە بەسەریانەوە. ئەمە جگە لەوەی ئەپۆزیسیۆن ترسی ئەوەیشیان هەیە کە ئەردەگان سووپایەکی ئامادەکردوە بە تەزویرکردن و تەنانەت بەکارهێنانی بەشێک لە کۆچبەرە سوریەکان بە دەنگدان بە بەرژەوەندی خۆی.
ترسی زیاتریشیان لەوەیە کە لە ئەگەری دەستاندا، ئەردەگان هانی ئەندامان و هەوادارانی حیزبەکەی بدات کە پشتەوی، نائارامی و ناسەقامگیریەکی ئەوتە دروستبکەن کە بگاتە شێوەی ناوخۆ و لە ئەنجامدا داوا لە ئەردەگان بکرێت لە بەرامبەر کردنەوەی خۆی بە سەرۆککۆمار، بارودۆخە شڵەقاو و ناجێگیرەکە سەقامگیر و ئارام بکاتەوە.

لوقمان ئابۆخی
١١ ی مایسی ٢٠٢٣

پەیامێک لە بەرزاییەوە..
عوسمانی حاجی مارف

مەسعود بارزانی سەرکی پارتی لە وتارێکدا بە یەکێتی و پارتی وتی نابێت چیتر خەریکی یەکتر شکاندن بن، لە هەمان کاتدا پەیامێکی پێشکەشکرد و ڕایگەیاند:" بە دڵرفێتی دەزانم بانگەوازێک ئاراستەی هەموو حیزب و لایەنەکان بکەم بە هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ".
وتیشی:" داوا لە یەکێتی و پارتی دەکەم کێبڕێ و بەرپرسیارانە و کوردستانیانە باسی هەموو کێشە و گرفتەکان بکەن و کاربکەن بۆ چارەسەرکردنیان، پێش ئۆڤش هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی دابنیشن و ناونیشانەکان نەهێڵن و زەمینەسازی بکەن بۆ ئۆو کێبڕێ فراوانێ".
ئەم جۆرە پەیامانە جگە لە هەندێ قسەی گشتی و ناڕوشن، کە وەک ئامۆژگاری بڕاگۆرێکە، ناتوانرێت ئەنجامگیرییەکی ئۆرەنی بۆ قازانجی ئایندەی خەڵکی کوردستانی لە دۆرکەشرێت، یاخود مەبەستی ئەم جۆرە پەیامانە تەنها وتاری کەسانێکە کە بە خەیاڵدەسەاتدان و لە پگەی توانایی دەسەاتکیانەوە لە بەرزاییەوە داوادەکات، هەزو لایەنکانی تر کەشێ لگەدا دروست نەکەن و ئۆوێ بە خێ پێویستەو خوازیارێتی هاوکارو پشتیوانی بن و نەیشکێنن.
گەر نیازی بارزانی بەم جۆرە نیە بەچی کەشکانی نەوانیان ەوانێ کێبونەوێ هەردوو حزب دەکات و داوایان لەدەکات کار بۆ چارەسەری بکەن!. ئایا چارەسەری کەشکان لای شەخسی مەسعود بارزانیە، یان لای کێبونەوێ هەردوو حزبە؟، وا ەوانێ کێبونەوێ هەردوو حزبی دەکات، ئۆو دوو حزبێ کەهیچ کات کەشکانی نەوانیان چارە نەکردوە. بۆ هەردوو حزب کەم دانیشتن و کەم دانوسان و کێبونەوەو سەوداو مامەڵەیان کرد؟ و نەیان ویست و نەیان توانی ئەنجامێکی سەقامگیر و ئارامی سیاسی بدەن بە دەستەوە. یان باشترە بڵێین، بۆ گشتی پگەی پارتی باتر خێ نواندوەو نیشاندراوە، بۆیە پگەو ڕەچاوی لایەنکانی تری کردەتە پاشکێی بەرژەوەندیکان و سیاستکانی بنەماڵەی بارزانی و پارتی.
مەسعود بارزانی لە هەلومەرجێکی سیاسی وەهادا ئەم وتارە ئەدات کە لە نۆو هاوکێشە سیاسیکانی ئستای ناوچەکەدا هاوسەنگی هەز تا

ادیەک بە قازانجی بنەماڵەی بارزانی و پارتی خۆی گرتووە، بەیە لە پگۆیەکی باتروە هەوە ئەدات لەگەڵ ئەگەری ئەو ئاوگڕانەی لە بەرنامەی گەڵاڵە کردنەوەو ڕەکخستنەوەی دەسەڵاتی سیاسی و پایەی ئابووری عەراقدا پێشبینی دەکرێت، خەیان بگونجێنن، ئەمەش چەن سەردەگرێت و کەی سەردەکەوێت مەسەلەیەکی ترەو جێگای پرسیارە!

لەم نێوەدا کردنەوەی "یادگەی نیشتیمانی بارزانی"ش لایەک سیناریۆی نمایشکی شانۆگەریانەیە، وەک مارشەک بۆ زیاتر نیشاندانی پگۆو تواناییەکانی بنەماڵەی بارزانی و پارتی، لە لایەکی ترەوە بانگەوازەکە بۆ ملکەچکردنی تەواوی لایەنەکانی تری کوردستان، بۆ تایبەتی سەپاندنی پێشمەرجی ڕەکەوتنێ، بەسەر یەکێتی نیشتمانیدا تابێ قازانجی زیاتر بۆ پارتی بکەوێتەوە، جا لەهەرجەرە کبونەوەیەکدا بێت، بەیە ئامادەبونی نوێنەرانی یەکێتی لەو یادگەیەدا، قبوڵکردنکی سەرتاییە بۆ مەرجەکانی پارتی، لە پێوەندبو نەخشەو ڕەکەوتنانەی کە حکومەتی هەرێم لەگەڵ حکومەتی عەراقدا دەبێت واژیان بکات، مەسعود بارزانی دەیەوێت بنەماڵەکەی و پارتی خاوەنی ئەو ڕەکەتنانە بن کە لە گەڵ حکومەتی عەراقدا پکیدێنن، ئەمەش مانای هەڵدانەوەی ئەو لاپەڕە نوێیەیە کە مەسعود بارزانی بانگەوازی دەکات بۆ تەواوی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان، تا ئەو لایەنانە پێگیرانە درێژدان بۆ پاشکۆ بونیان بۆ بڕژوەندیە سیاسی و ئابووری و داراییەکانی بارزانی و پارتی دوپاتکەنەوە.